حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

---

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٠٣) لە ٢٠٢٣/٣/١٥

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٥) لە ٢٠٢٣/٣/١٥، و ئاماژە بە ڕەزامەندیی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ لە ڕۆژی ٢٠٢٣/٣/١٤ لە میانی سەردانی بەڕێزیان بۆ هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی فیدراڵ و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا بۆ ئەنجامدانی ڕێکاری پێویست لە بارەی بابەتی بەئەندامبوونی هەرێمی کوردستان-عێراق لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و کولتوور (یونسکۆ - UNESCO).

٢. سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ڕێکارەکانی ئەم پرۆسەیە ئامادە دەکات لەبەر ڕۆشنایی ڕێسا و ڕێکارە بەرکارەکان لە ڕێکخراوەکە، و سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لە پێشڤەچوونی ئاگادار دەکاتەوە.

٣. سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی (پلاندانان، پەروەردە، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕۆشنبیری و لاوان، شارەوانی و گەشتوگوزار) هەموو ئاسانکارییەک بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە فەراهەم دەکات.

٤. وەزارەت و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**